خوای گەورە بیسەر نەبوو بۆ شتێک هێندەی بیستن بۆ پێغەمبەرێک بە دەنگێکی خۆش وئاوازەوە قورئان بخوێنێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «خوای گەورە بیسەر نەبوو بۆ شتێک هێندەی بیستن بۆ پێغەمبەرێک بە دەنگێکی خۆش وئاوازەوە قورئان بخوێنێت بە ئاشکرایی وڕوونی».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە ئاموژگاری دەکات بە خۆشکردنی دەنگ بە شێوەیەکی ئاشکرا لە کاتی خوێندنی قورئان جا لە ناو نوێژدا بێت یان دەرەوەی نوێژ بە ئاوازێکی غەمبارانەوە، وقورئان پێویستی بە هیچ سەرچاوەیەکی تر نییە بۆ ئەوەی دەوڵەمەندی بکات چونکە قورئان ئەحکام وشێوازی خوێندنی تایبەت بە خۆی هەیە کە ئاشکرایە لای ئەوانەی شارەزان لە زانستەکانی قورئانی پیرۆز، لێرەدا خوێندنەوەی قورئان بە تەرتیل وئاواز ودەنگی خۆشەوە مانای ئەوە نییە کە وەکو ئاوازەکانی گۆرانی ومۆسیقا بخوێندرێت بەڵکو مەبەست لێی ئەوە بە دەنگێک خۆش بخوێندرێت جیا لە خوێندنەوەکانی تر.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6218